# کێلە نەخشێندراوەکانی گۆڕستانی شێخ سلێمان لە گوندی یالانپێ– خورماڵ

## (توێژینەوەیەکی هونەری، شیکاری، مەیدانییە)

**اکرام شیروان حسین[1]، رزگار جواد مجید[2]، شهرام شیروان حسین[3]، باخان قادر احمد[4]**

[1] بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] ماستەر لە شوێنەواری ئیسلامی

[3] ماستەر لە مێژووی دێرین

[4] بەشی کۆمەڵایەتی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** یالانپێ یەکێکە لە گوندە دڵگیر و جوانەکانی هەورامانی باشووری کوردستان، ڕاستەوخۆ لە بەشی باکوورەوە دەڕوانێت بەسەر قەزای خورماڵدا و (4.5 کم) لێیەوە دوورە، کۆتا گوندی هەورامانی بەشی باشووری کوردستانە بە شێوەزاری هەورامی بدوێن، یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی کوردستان بە گشتی و هەورامان بە تایبەتی، ناوچە دێرین و شوێنەوارییەکانی گوندەکە لەوانە: (ئەشکەوت، گۆڕستان، قەڵا و ... هتد) پشتڕاستی ئەم وتەیە دەکەنەوە.

یەکێك لە گرنگترین شوێنەوارەکانی گوندەکە کە تاوەکو ئێستەش ناوی زیندووە و مێژووی لەسەر زاری دانیشتوانی ناوچەکە سەرباسە بریتییە لە گۆڕستانی شێخ سلێمان، دەکەوێتە دامێنی گوندەکە بە نزیکەی (340م)، لە سەدەی (12ك/18ز) شێخ سلێمان لە گوندی تەڕاتەوەنەوە بە مەبەستی بانگەوازی ئایینی ئیسلام ڕوو دەکاتە یالانپێ و تیایدا نیشتەجێ دەبێت، هەر زوو دەبێتە کەسایەتییەکی دیاری ناو خەڵکی و ڕێز و پلەو پایەیەکی بەرزی دەبێت، پاش ئەوەی لە شەڕێکدا بەرامبەر سەفەوییەکان لە دۆڵی چاڵە ڕەش (کلکەی نەزرگا) کە دەکەوێتە سنووری گوندەکە سەری دەپەڕێنرێت و لاشەکەی ون دەبێت، سەرەکەی بە تەنها دەهێنرێتەوە بۆ ئەم گۆڕستانەو تێیدا دەنێژرێت، پاشان ئەندامانی بنەماڵەکەشی بە هەمان شێوە پاش مردنیان لە دەوریدا دەنێژرێن و گۆڕستانەکە دەناسرێت بەناوییەوە.

گۆڕستانەکە ژمارەیەکی زۆر گۆڕی تێدایە، بەڵام ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمەیە ئەو کێلانەن ڕووەکانیان نەخشێندراوە بە نەخش و نووسین، کە لە ئێستەدا چوار دانە کێلی ساغ و چوار کێلی نیوە شکاو و چوار پارچەی بچوکن.

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە: دەرخستنی مێژوو و گرنگی ئەم گۆڕستانە، بەدیاریکراوی ئەو گۆڕانەی کێلەکانیان نەخشێندراون، بێگومان پاڵپشت بە تایبەتمەندی نەخش و نیگار و جۆری خەت و کێل و ئەو کەسایەتییانەی ناویان تۆمارکراوە لەسەر ڕووەکانیان، بێگومان ئەمانەش تێکڕا دەرخەری بەشێکی گرنگی مێژووی ناوچەکە بە گشتی و گوندەکە بە تایبەتی پیشان دەدەن، چونکە ئەم کەسایەتییانە بەشێکی گرنگی مێژووی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوچەکە پێک دەهێنن.

**کلیلە ووشەکان-** خورماڵ، یالانپێ، شێخ سلێمان، کێلی گۆڕ، نەخش و نووسین.

## پێشەکی:

کوردستان لانکەی دێرینی مرۆڤایەتییە، ئاوڕ لە ڕابردووی هەر گوند و شارێکی بدەیتەوە بەشێك لە مێژووی مرۆڤایەتیت بۆ دەردەکەوێت، توێژینەوە لەبارەی هەر ڕەهەندێکی دەرئەنجامەکەی پڕ بایەخە و دەبێتە بەڵگەیەکی تر بۆ سەلماندنی دێرینی خاکی کوردستان و چەسپاندنی بوونی شارستانییەتێکی لەمێژینەی دەوڵەمەند، هەروەك مێژوونووسی بەریتانی (هارۆڵد دیکسۆن) دەڵێت: "کوردستان بەهەشتی شوێنەوارناسانە"، یاخود (جەیمس هێنری بریستێد) دەڵێت: "کوردستان بێشکەی شارستانییەتی مرۆڤە" وەرگیراوە لە (ئیدریسیان، 2019، 85).

یەکێك لەو جۆرە شوێنەوارانەی لە تەواوی خاکی کورداندا بەرچاوە بریتییە لە گۆڕستانە مێژووییەکان، و لەناویشیاندا کێلی نەخشێندراوی سەر گۆڕەکان، کە یەکێکن لە گرنگترین بەڵگەنامە شوێنەوارییەکان، و بەهۆی بوونی نەخش و نیگار و نووسین لەسەریان پشت پێبەستراوترین بەڵگەن بۆ هەڵدانەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی سەردەمانی ڕابردووی مرۆڤایەتی.

لەم توێژینەوەیەدا هەستاوین بە ئەنجامدانی شیکارییەکی هونەری بۆ کێلە نەخشێندراوەکانی گۆڕستانی شێخ سلێمان لە گوندی یالانپێ سەر بە قەزای خورماڵ. ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە: پوختە، پێشەکی، دوو تەوەرە: تەوەری یەکەم تایبەتە بە هەڵکەوتەی جوگرافی و مێژوو و ناوی گۆڕستانەکە، تەوەری دووەم تایبەتە



المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp154-164

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 26 حزيران 2025؛ قُبل في 17 أب 2025؛ نُشرت في 14 أيار 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: rzgar.jawad1592@gmail.com,ikram.sherwan@uoh.edu.iq, Shahram.zalmi@gmail.com, bakhan.qadr@uoh.edu.iq

حقوق الطبع والنشر@ اكرام شيروان حسين، رزگار جواد مجيد، شهرام شيروان حسين، باخان قادر احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بە باسکردن و شیکردنەوەی نەخش و نووسینی سەر ئەو کێلە نەخشێندراوانەی لە ئێستادا لە گۆڕستانەکەدا ماونەتەوە، پاشان لە چەند خاڵێکدا بە کورتی گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو و بە لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتاییمان بە توێژینەوەکە هێناوە.


هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شوێنەش بۆ توێژینەوە، بریتییە لە پاراستن و خستنە ڕووی مێژوو و گرنگی ناوچە شوێنەوارییەکە، کە تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسەر ئەنجام نەدراوە، و ترسە لەوەی مێژووەکەشیان هاوشێوەی هەندێك لە پارچە کێلەکان بزر بێت.

## تەوەری یەکەم
## هەڵکەوتە، مێژوو و ناوی گۆڕستانەکە:

### 1/ هەڵکەوتەی جوگرافی:

گۆڕستانی شێخ سلێمان* دەکەوێتە سنووری جوگرافی گوندی (یاڵانپێ)*، لە باکووری شاری خورماڵ بە دووری نزیکەی (4.5کم)، پاش ئەوەی لە خورماڵەوە بەرەو یاڵانپێ بەڕێدەکەویت، بەر لەوەی بگەیتە گوندەکە بە چەند مەترێك لە بەشی چەپی ڕێگاکەیدا کەمێك سەردەکەویت و دەگەیتە ناو گۆڕستانەکە، ڕاستەوخۆ کەوتۆتە بەردەم گوندەکە و لەسەر پارچە زەویەکی بەرز و نزم بە ڕووبەری نزیکەی (400م$^2$) هەڵکەوتووە، و چەند دار بەڕوویەکی گەورە و بەتەمەنی تێدایە کە مێژوویان بۆ دەیان ساڵ بەر لە ئێستە دەگەڕێتەوە (مەیدانی، 2024 ؛ https://earth.google.com/web) (بڕوانە هێڵکاری ژمارە 1).

**هێڵکاری ژمارە 1، ڕێگای گەیشتن بە گوندی یاڵانپێ و گۆڕستانی شێخ سلێمان لە قەزای خورماڵەوە (توێژەران)**




### 2/ مێژووی گۆڕستانەکە:

گومان لەوەدا نییە ئەم گۆڕستانە یەکێکە لە گۆڕستانە دێرینەکانی ناوچەکە، و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئاوەدانی ئەم گوندە، ئەوەش بە دیاریکراوی نازانرێت بە هۆکاری نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی پشت پێبەستراو لە نووسراو یان هێماو نیشانەیەکی وەها لە ڕێگەی بەراوردکارییەوە مێژووەکەی دیاریبکرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی تاوەکو ئێستە هیچ کنەوپشکنینێکی شوێنەواری لە ناوچەکەدا ئەنجامنەدراوە.


بەڵام سەبارەت بە کێلە نەخشێندراوەکانی گۆڕستانەکە کە بەشێکی گرنگی مێژووی گۆڕستانەکەن، پاڵپشت بە نەخش و نووسینی سەر ڕووەکانیان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی (12ك/18ز)، واتە نزیکەی دوو سەدە و نیو بەر لە ئێستە، و ئەو کاتەی شێخ سلێمان لە گوندی تەڕاتەوەنەوە دێتە گوندی یاڵانپێ و نیشتەجێ دەبێت.

لە ڕاستیدا بە هۆکاری پارچە پارچە بوونی هەندێك لە کێلەکان و ونبوونیان، بۆمان ڕوون نەبوویەوە چەند گۆڕی کێلداری نەخشێندراو لە گۆڕستانەکەدا بوونیان هەبووە، چونکە لە ئێستادا تەنها چوار کێلی ساغ و چەند پارچەیەکی شکێنراو ماونەتەوە، جگە لە هۆکاری مرۆیی ئاووهەواش کاریگەری هەبووە لەسەر کێلەکان و هەندێکیانی تووشی سواوی بوون و چینی کلسی دایگرتوون، هەر ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی بەشێك لە نووسین و نەخش و نیگارەکانی سەریان بەرەو نەمان و تیاچوون و سواوی و کاڵبوونەوە بڕوات (مەیدانی، ٢٠٢٤).

- هەرچەندە گۆڕستانەکە بە ناوی شێخ سلێمانەوە ناسراوە، بەڵام ئەوەی لە مێژووی زارەکییەوە بۆمان ڕوونبوویەوە، یەکەمین مردوو لەم گۆڕستانەدا نێژرابێت شێخ سلێمانی باپیرە گەورەی بنەماڵەی شێخەکانی گوندی یاڵانپێ نەبووە، بەڵکو پێش ئەو و دوای ئەویش مردوو لەم شوێنەدا نێژراون، و ناوەکەی پەیوەندی نییە بە مێژووی گۆڕستانەکەوە (چاوپێکەوتن: مامۆستا حەبیب سۆفی ئەمین، یەکشەممە ٠٥:٠٠ ی پاش عەسری 2024/9/1)، بنەماڵەی شێخ سلێمان لە گوندی (دۆڵپەموو)ی نزیك بەرزنجەوە چوونەتە گوندی تەڕاتەوەن، و لەوێشەوە شێخ سلێمان پاش مردنی شێخ موحەممەدی باوکی هاتووەتە گوندی یاڵانپێ و نیشتەجێبووە، پاشان دەستی کردووە بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکە و خۆی بە خاوەنی زەوی و زارەکەی زانیووە (مودەڕیس، 1389، 258).

کۆنترین گۆڕی کێلدار کە لە ئێستادا لە گۆڕستانەکەدا مابێتەوە هی کەسایەتییەکە بەناوی (شێخ عەزیز کوڕی شێخ نوراللە) و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1208ك/1793ز)، وەکو ئاماژەمان پێدا بە هۆی شکان و نەمانی بەشێك لە کێلە نەخشێندراوەکانی گۆڕستانەکە بۆمان ڕوون نەبوویەوە ئایا ئەم کێلی گۆڕی (شێخ عەزیز کوڕی شێخ نوراللە) کۆنترین گۆڕی کێلداری نەخشێندراو بووە لە گۆڕستانەکەدا یاخود کێلی تری نەخشێندراو هەبوون و نەماون بە هەر هۆکارێك بێت، شایەنی باسە جگە لە گۆڕی (شێخ عەزیز) ناسنامەی چەند گۆڕێکی تریش دیارە، لەوانە: (شێخ عەبدولڕەحیم کوڕی شێخ ئەبوبەکری پیر خزری شاهۆیی و کچێکی بەناوی بەی خانم، شێخ ئەبوبەکر کوڕی شێخ عەبدولعەزیز و سەمین نەوەی عەبدولڕەحیم) (مەیدانی، 2024) (بڕوانە وێنەی ژمارە 1).

**وێنەی ژمارە 1، دیمەنی گۆڕستانی شێخ سلێمان، 2024 (توێژەران)**



وێنەی ژمارە 2، دیمەنی ئەو شوێنەی گۆڕی شێخ سلێمانی لێیە کە پێی دەوترێت سەخنەکە.



### 3/ ناوی گۆڕستانەکە:

گۆڕستانی شێخ سلێمان ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی دیاری مێژووی گوندەکە (شێخ سلێمان کوڕی شێخ موحەممەد کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ موحەممەدی نۆدێیی) (مودەڕیس، 1389، 258)، بە پشت بەستن بە مێژووی زارەکی شێخ سلێمانی گەورەی شێخەکانی گوندەکە پاش ئەوەی وەکو سەربازێکی سوپای عوسمانی لە شەڕێکدا بەرامبەر سەفەوییەکان لە دۆڵی چاڵە ڕەش (کلکەی نەزرگا) دەکوژرێت و سەری دەپەڕێنرێت، لاشەکەی بەجێدەمێنێت و سەرە پەڕیوەکەی لەلایەن ئەو کەسانەی لەگەڵیبوون لە شەڕەکەدا دەهێنرێتەوە و لەم گۆڕستانەدا دەنێژرێت، و لەبەر پلە و پایە و ڕێزی شەهیدبوونەکەی ناوی گۆڕستانەکەش بەناوی ئەوەوە دەنرێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەوترێت خاوەنی کەرامات بووە و گوایە لەلایەن دانیشتوانی گوندەکەوە چەندین جار شتی سەرسوڕهێنەری لێ بینراوە، دوای ئەوەی لەم گۆڕستانەدا دەنێژرێت دەوری گۆڕەکەی بە دیواری بەردین جیادەکرێتەوە لە گۆڕەکانی تر، و وەکو شێخێك خەڵکانێک بە مەبەستی پیرۆزی سەردانیان کردووە (چاوپێکەوتن: عوسمان حەمە ڕۆستەم، هەینی ٠٨:٠٠ ی شەوی ٢٠٢٤/١٠/١٨)، ئەم شوێن گۆڕەی شێخ سلێمان لەناو گۆڕستانەکەدا لەسەر زاری خەڵکی گوندەکە ناسراوە بە (سوخنەکە) (زەڵمی و موحەمەد، 2021، 66 ؛ چاوپێکەوتن: حەبیب سۆفی ئەمین، یەکشەممە ٠٥:٠٠ ی پاش عەسری 2024/9/1 ؛ چاوپێکەوتن: موحەممەد غەفار، پێنج شەممە 10:30 ی پێش نیوەڕۆی 2025/4/3)، سوخن لە زمانی هەورامیدا بە دیواری بەردینی دەوری گۆڕ (شورای گۆڕ) دەوترێت (بێدار، 2010، 591) (بڕوانە وێنەی ژمارە 2).

## تەوەری دووەم
## شیکردنەوەی نەخش و نووسینی سەر کێلە نەخشێندراوەکان:

### گۆڕی یەکەم/ کێلی یەکەم:

ئەم کێلە لە شوێنی خۆیدا نەماوە و دیار نییە ماوە یاخود یەکێکە لەو پارچە شکاوانەی کەوتوون لە دەوری گۆڕەکان.

### گۆڕی یەکەم/ کێلی دووەم:

### وەسفی کێلەکەو شیکاری هونەری نەخشەکانی:

| ناسنامەی کێلی دووەم - گۆڕی یەکەم | |
|---|---|
| مێژوو | 1208ك/ 1793ز |
| شوێنی کێل | کێلی لای پێی مردوو |
| پێوانە | بەرزی: 80 سم |
| | پانی: 31.5 سم |
| | ئەستوری: 4 سم |
| جۆری بەرد | مەڕمەڕ |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| جۆری خەت | ثلث |
| بابەتی نەخشکراو | ناوی مردوو، ساڵی مردنی، پاڕانەوە بۆ مردووەکە. |
| بارودۆخی کێل | لە بارودۆخێکی زۆر باشدایە و تووشی داخوران و شکان نەبوو، تەنها ئەوە نەبێت بەشێکی زۆر کەمی نووکی کێلەکە شکاوە. |

بریتییە لە کێلێکی شێوە میحرابی، ڕووی ناوەوەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری (نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی) و نەخشەکان تەواوی ڕووی کێلەکەیان ڕازاندووەتەوە، ناوەندی کێلەکە دابەشکراوە بەسەر پێنج جامەی ئاسۆیی لاکێشەیی ڕاست و چەپ کۆتایی هاتوو بە کەوانی بەش بەشی نوك تیژ، و لەناو هەریەکەیاندا نووسین بە خەتی ثلث بە شێوەی دەرپەڕیو (بارز) نەخشکراوە، هەروەها هەریەکەیان جیاکراوەتەوە بە تیرەیەك بە پانی (3سم)، چوار جامەی خوارەوەیان هاوشێوەی یەکن لە نەخش و پێوانەدا و جامەی سەرەوە بە هۆکاری جۆری کێلەکە کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ناو شێوە میحرابییەکەوە کێلەکە جیاوازە (مەیدانی، 2024)، نووسینەکانی ناو جامەکان بریتین لە:

1/ سنە 1208، واتە: (ساڵی 1208 کۆچی/ 1793 زایینی)

2/ هذا قبر المرحوم المبرور، واتە: (ئەمە گۆڕی خودالێخۆشبووی چاکە لەگەڵکراو)

3/ المغفور شیخ عزیز، واتە: (خودالێخۆشبوو شێخ عەزیز)

4/ ابن المرحوم شیخ نور، واتە: (کوڕی خودا لێخۆشبوو شێخ نور)

5/ الله غفرالله لهما، واتە: (اللە، خودا لێیان خۆش بێت) (بڕوانە وێنە و هێڵکاری ژمارە ٣).

### گۆڕی دووەم/ کێلی یەکەم:

ئەم کێلە لە شوێنی خۆیدا نەماوە و دیار نییە ماوە یاخود یەکێکە لەو پارچە شکاوانەی کەوتوون لە دەوری گۆڕەکان.

**وێنە و هێڵکاری ژمارە ٣، (توێژەران)**



## گۆڕی دووەم/ کێلی دووەم:

### وەسفی کێلەکەو شیکاری هونەری نەخشەکانی:

| ناسنامەی کێلی دووەم - گۆڕی دووەم | |
|---|---|
| مێژوو | 1246ك/ 1830ز |
| شوێنی کێل | کێلی لای پێی مردوو |
| پێوانە | بەرزی: 83 سم |
| | پانی: 32.5 سم |
| | ئەستوری: 5 سم |
| جۆری بەرد | مەڕمەڕ |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| جۆری خەت | نەستەعلیق |
| زمانی نووسین | عەرەبی |
| بابەتی نەخشکراو | ناوی مردوو و ساڵی مردنی |
| بارودۆخی کێل | لە بارودۆخێکی زۆر باشدایە و تووشی داخوران و شکان نەبوو. |

کێلێکی شێوە میحرابییە، ڕووی ناوەوەی کێلەکە ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری (نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی)، نەخشەکان دابەشبوون بەسەر ناوەندی کێلەکە و چێوەکەیدا، بەم شێوەیە:

**ناوەندی کێلەکە:** دابەشکراوە بەسەر شەش جامەی لاکێشەیی ئاسۆیی ڕاست و چەپ کۆتایی هاتوو بە کەوانی بەش بەشی نوک تیژ، پێنج جامەی خوارەوە هاوشێوەی یەکن لە شێوە و پێوانەدا و جامەی سەرەوەش بە هۆکاری جۆری کێلەکە کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ناو شێوەی کەوانەیی کێلەکەوە جیاوازە، هەریەك لەم جامانە نووسینیان تێدا نەخشکراوە بە خەتی نەستەعلیق بە شێوەی دەرپەڕیو، و لە یەکتری جیاکراونەتەوە بە تیرەیەك بە پانی (2.5سم) (مەیدانی، 2024)، نەخشە نووسینەکانی ناوەندی کێلەکە بریتین لە:

1. سنه 1246، واتە: (ساڵی 1246 -بە ساڵی کۆچی-)
2. هذه تربة المرحوم المغفور المبرور، واتە: (ئەمە گۆڕی خودا لێخۆشبووی چاکە لەگەڵکراو)
3. الشیخ عبدالرحیم ابن الشیخ العابد، واتە: (شێخ عەبدولڕەحیم کوڕی شێخی خواناس)
4. الوارع الابی بکر الپیر خضری، واتە: (خوداناس و پارێزکار ئەبوبکری پیر خزری)
5. وشهد باالطاعون سنة الف و، واتە: (شەهید بووە بە تاعون ساڵی هەزار و)
6. ماتین وست واربعین من هجر، واتە: (دوو سەد و چل و شەشی کۆچی)

**چێوەی کێلەکە:** بە شێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش ڕازێندراوەتەوە بە نەخشی ڕووەکی لە گەڵا و گوڵ و خونچە و لقی تێك ئاڵاو یەك لە دوای یەك بە ئاڕاستەی بەرزی کێلەکە، نەخشەکان بەدەم یەکەوە دووبارە کراونەتەوە و تەواوی چێوەی کێلەکەیان گرتووەتەوە، شێوەی گوڵی پێنج پەلکی (گوڵی بەیبوون) و گەڵای بچوکی بادەمی نەخشکراون، ئەم گوڵانە بە لاسکی باریك بەستراونەتەوە بە جۆرە نەخشێکی ترەوە کە بە هەمان شێوەی گوڵەکە دووبارەکراوەتەوە و بریتییە لە گەڵای سێ پەلکی و چوار پەلکی، نەخشەکان تێکڕا بە شێوەی دەرپەڕیو نەخشێنراون و دیمەنێکی جوانیان بەخشیووەتە ڕووی کێلەکە، (مەیدانی، 2024) (بڕوانە وێنە و هێڵکاری ژمارە ٤).

شایەنی باسە هاوشێوەی ئەم نەخش و نیگارە زەخرەفییانە لەسەر یەکێك لە کێلە نەخشێندراوەکانی گۆڕەکانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ و گۆڕستانی بابا ناوس لە گوندی سەرگەت دەبینرێت، کە مێژووەکەیان نزیکە لە یەکەوە و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی (13ك/ 19ز) (مستەفا و حەمە شەریف، 2023، 101-103 ؛ بەرزنجی، 2024، 231-242)، بۆیە گومان دەکەین دروستکراوی یەك وەستا و یەك شوێن بن، ئەو شوێنەش شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، کە لەو کاتەدا ناوەندێکی گرنگ و بەناوبانگی دروستکردنی کێلی نەخشێندراو بووە.

## گۆڕی سێیەم/ کێلی یەکەم:

**وێنە و هێڵکاری و ژمارە 4، (توێژەران)**



### وەسفی کێلەکەو شیکاری هونەری نەخشەکانی:

| ناسنامەی کێلی یەکەم - گۆڕی سێیەم | |
|---|---|
| شوێنی کێل | کێلی لای سەری مردوو |
| پێوانە | بەرزی: 75 سم |
| | پانی: 26 سم |
| | ئەستوری: 5 سم |
| جۆری بەرد | مەڕمەڕ |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ئەندازەیی، ڕووەکی |
| جۆری خەت | نەستەعلیق |
| زمانی نووسین | فارسی |
| بابەتی نەخشەکان | پاڕانەوە لە خودای پەروەردگار |
| بارودۆخی کێل | بەهۆی کاریگەری ئاووهەواوە کلس ڕووی کێلەکەی داپۆشیووە و توشی داخوران بووە، و لە ناوەڕاستیشیدا درزێکی تێکەوتووە و بووەتە دوو بەش. |

بریتییە لە کێلێکی شێوە لاکێشەیی کۆتایی هاتوو بە کەوانی نوك تیژ (المدبب)، ڕووی ناوەوەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری (نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی)، نەخشەکان تەواوی ڕووی ناوەوەی کێلەکەیان ڕازاندووەتەوە، نەخشە نووسینەکان دابەشکراون بەسەر شەش جامەی ئاسۆیی لاکێشەیی ڕاست و چەپ کۆتایی هاتوو بە کەوانی بەش بەشی نوك تیژ، و بە خەتی نەستەعلیق بە شێوەی دەرپەڕیو نەخشکراون، پێنج جامەی خوارەوەیان هاوشێوەی یەکن لە نەخش و پێوانەدا، و جامەی سەرەوە بە هۆکاری جۆری کێلەکە کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ناو شێوە کەوانەیی کێلەکەوە جیاوازە، هەریەك لەم جامەنە لە یەکتری جیاکراونەتەوە بە تیرەیەکی (2.5 سم) پان، و چێوەی کێلەکەش بە هەمان شێوە بە زەخرەفەی ڕووەکی ڕازێنراوەتەوە، بەڵام بە هۆکاری کاریگەری ئاووهەواو کلس و سواوی کێلەکەوە ناتوانین ڕەگەزە ڕووەکییەکانی دیاری بکەین (مەیدانی، 2024)، نەخشە نووسینەکانی ناو جامەکان بریتین لە:

1/ پادشاها جرم ما را در گزار، واتە: (ئەی پادشا لە گوناهی ئێمە خۆشبە).

2/ ما کنە کاریم وتو آمرزگار، واتە: (ئێمە گوناهکار و تۆیش لێخۆشبوو).

3/ مغفرت دارم امید لطف تو، واتە: (دەزانم کە تۆ بە ڕەحمیت و لێیان خۆش دەبیت).

4/ زانکە خود فرمودە لا تقنطوا، واتە: (دەزانم کە خۆت فەرمووتە: "نائومێد مەبن").

5/ چشم دارم کز کنە پاکم کنی، واتە: (چاوەڕوانم کە لە گوناح پاکم کەیتەوە).

6/ پیش از ان کاندر جهان خاکم کنی، واتە: (پێش ئەوەی لەم ژیانە بمخەنە ناو خاکەوە) (بڕوانە وێنە و هێڵکاری ژمارە ٥).

وێنە و هێڵکاری ژمارە 5، (تویژەران)



### گۆڕی سێیەم/ کێلی دووەم:

### وەسفی کێلەکەو شیکاری هونەری نەخشەکانی:

| ناسنامەی کێلی دووەم - گۆڕی سێیەم | |
|---|---|
| مێژوو | 1262ك/ 1845ز |
| شوێنی کێل | کێلی لای پێی مردوو |
| پێوانە | بەرزی: 65 سم |
| | پانی: 28 سم |
| | ئەستوری: 5 سم |
| جۆری بەرد | مەڕمەڕ |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| جۆری خەت | نەستەعلیق |
| زمانی نووسین | عەرەبی |
| بابەتی نەخشەکان | ناوی مردوو و ساڵی مردنی. |
| بارودۆخی کێل | لە بارودۆخێکی باشدایە و تەنها بەشێکی نووکی کێلەکە شکاوە. |

کێلێکی شێوە میحرابییە*، و ڕووی ناوەوەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نووسین، ناوەندی کێلەکە دابەشکراوە بەسەر شەش جامەدا، و لەناو هەریەکەیاندا نووسین نەخشکراوە بە خەتی نەستەعلیق بە شێوەی دەرپەڕیو، پێنج جامەی خوارەوەیان هاوشێوەی یەکن لە شێوە و پێوانەدا، و ڕاست و چەپیان بە کەوانی بەش بەشی نوك تیژ کۆتایی هاتووە، جامەی سەرەوەش بە هۆکاری جۆری کێلەکە کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ناو شێوە میحرابی کۆتایی کێلەکەوە جیاوازە، هەریەك لەم جامانە لە یەکتری جیاکراونەتەوە بە تیرەیەکی زەخرەفی بە پێوانەی پانی (2.5 سم)، هەروەها چێوەی کێلەکە بە زەخرەفەی ڕووەکی ڕازێنراوەتەوە، بەڵام بە هۆکاری کاڵبوونەوە و کلس و سواوییەوە

ناتوانین ڕەگەزە ڕووەکییەکان دیاری بکەین (مەیدانی، 2024)، نەخشە نووسینەکانی سەر ڕووی ئەم کێلە بریتین لە:

1. سنة 1262، واتە: (ساڵی 1262 کۆچی/ 1845 زایینی).
2. هذه تربة المبرورة المرحومة الموسومة، واتە: (ئەمە گۆڕی خودا لێخۆشبووی چاکە لەگەڵکراوی ناوهێنراو).
3. بخانمة بنت المغفور المبرور المشهور، واتە: (بەی خانمی کچی خودا لێخۆشبووی چاکە لەگەڵکراوی ناسراو).
4. شیخ ابوبکر الپیر خضري الشاهوی، واتە: (شێخ ئەبوبەکر پیر خزری شاهۆیی).
5. قد توفي في سنة الف وماتين و، واتە: (مردووە لە ساڵی هەزار و دوو سەد و).
6. اثنتین وستین بعد الهجرة النبویة، واتە:(شەست و دووی پاش کۆچی پێغەمبەر ﷺ) (بڕوانە وێنە و هێڵکاری ژمارە ٦).

**وێنە و هێڵکاری ژمارە 6، (توێژەران)**



**پارچە کێلە شکێنراوەکانی گۆڕستانەکە:**

بریتین لە نۆ پارچە، چوار پارچەیان نزیك بە نیوەیان ماوە و پێنجیشیان تەنها پارچەیەکی بچوکیان ماوەتەوە، بەم شێوەیە:

**پارچەی یەکەم:**

**وەسفی کێلەکەو شیکاری هونەری نەخشەکانی:**

ئەم کێلە بەشی سەرەوە و خوارەوەی شکاوە و تەنها بە ئەندازەی دوو جامە لە ناوەڕاستیدا ماوەتەوە، هەربۆیە ناتوانین شێوەکەی دیاری بکەین. ڕووی ناوەوەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری (نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی)، و نەخشەکان دابەش بوون بەسەر ناوەند و چێوەی کێلەکەدا، بەم شێوەیە:

| ناسنامەی پارچەی دووەم | |
| --- | --- |
| **شوێنی کێل** | کێلی لای پێی مردوو |
| **پێوانە** | پانی: 34 سم |
| | ئەستوری: 4.5 سم |
| | بەرزی: 50 سم |
| **جۆری بەرد** | مەڕمەڕ |
| **جۆری نەخشەکانی** | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| **جۆری خەت** | نەستەعلیق |
| **زمانی نووسین** | عەرەبی |
| **بابەتی نەخشکراو** | ناوی مردوو و پاڕانەوە لە خودا |
| **بارودۆخی کێل** | نیوەی بەشی خوارەوەی کێلەکە شکاوە و نەماوە. |

**ناوەندی کێلەکە:** دابەشکراوە بەسەر چەند جامەیەکی لاکێشەیی ئاسۆیی ڕاست و چەپ کۆتایی هاتوو بە کەوانی بەش بەشی نوك تیژ، وەکو ئاماژەمان پێکرد لە ئێستادا تەنها دوو جامەی بەشی ناوەڕاستی بە تەواوی ماونەتەوە، و هەریەکەیان نووسینیان تێدا نەخشکراوە بە خەتی نەستەعلیق بە شێوەی دەرپەڕیو، و لە یەکتری جیاکراونەتەوە بە تیرەیەك بە پانی (2.5سم) (مەیدانی، ٢٠٢٤)، نەخشە نووسینەکانی ناو جامەکان بریتین لە:

1/ ........ (شکاوە)
٢/ ........ (شکاوە)
٣/ ........ (شکاوە)
٤/ فان ترحم فانت اهل لذاکا، واتە: (ئەگەر ڕەحمم پێ بکەیت هەرخۆت شایستەی ئەوەیت)
٥/ وان تطرد فمن یرحم سواکا، واتە: (وە ئەگەر دەرم بکەیت جگە تۆ کێ بەزەیی پێمدا بێتەوە)
٦/ غفرالله ....... ، واتە: (خودا لێی خۆش بێت ........)

| ناسنامەی پارچەی یەکەم | |
| --- | --- |
| **مێژوو** | دیار نییە |
| **شوێنی کێل** | دیار نییە |
| **پێوانە** | پانی: 33 سم |
| | ئەستوری: 5 سم |
| | بەرزی: 34 سم |
| **جۆری بەرد** | مەڕمەڕ |
| **جۆری نەخشەکانی** | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| **جۆری خەت** | نەستەعلیق |
| **زمانی نووسین** | عەرەبی |
| **بابەتی نەخشکراو** | پاڕانەوە لە خودا |
| **بارودۆخی کێل** | تەنها بەشێك لە ناوەڕاستی کێلەکە ماوەتەوە و ئەوی تری شکاوە و نەماوە. |

**چێوەی پارچەکە:** بە شێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش نەخشی ڕووەکی لە گەڵا و گوڵ و خونچە و لقی تێك ئاڵاو یەك لە دوای یەك نەخشکراون بە ئاڕاستەی بەرزی کێلەکە، نەخشەکان بەدەم یەکەوە دووبارە کراونەتەوە و تەواوی چێوەی کێلەکەیان پڕکردووەتەوە، نەخشەکان هاوشێوەی کێلی یەکەمی گۆڕی سێیەمن (مەیدانی،

٢٠٢٤)، ئەم شێوە لە نەخش و نیگاری ڕووەکی بە هەمان شێوە لەسەر کێلی گۆڕەکانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ و بابا ناوس بەرچاو دەکەون (مستەفا و حەمە شەریف، 2023، 101-103 ؛ بەرزنجی، 2024، 231-242) (بڕوانە وێنە و هێڵکاری ژمارە ٧).

گومان دەکەین ئەم پارچە کێلی یەکەمی گۆڕی سێیەم بێت، ئەمەش پاڵپشت بە دوو هۆکار:

یەکەم/ بابەتی نووسراوی سەر ئەم پارچە بریتییە لە پاڕانەوە بۆ مردووەکە، پاڵپشت بە کێلەکانی تر بابەتی پاڕانەوە لەسەر ڕووی یەکەم نەخش کراوە، و سەلمێنەری ئەوەیە ئەمە کێلی یەکەمە.

دووەم/ جۆری خەتی نووسین و نەخش و نیگارەکانی و جۆری بەردەکەی هاوشێوەی کێلی دووەمی گۆڕی سێیەمە.

**وێنە و هێڵکاری ژمارە 7، (توێژەران)**



**پارچەی دووەم:**

**وەسفی کێلەکەو شیکاری هونەری نەخشەکانی:**

ئەم کێلەش هاوشێوەی کێلی پێشوو بەشی سەرەوەو خوارەوەی شکاوە و تەنها بە ئەندازەی دوو جامە لە ناوەڕاستیدا ماوەتەوە، هەربۆیە نازانین شێوەی کێلەکە میحرابییە یاخود شێوەی تری هەیە. ڕووی ناوەوەی ڕازێندراوەتەوە بە نەخش و نیگاری (نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی)، و نەخشەکان دابەش بوون بەسەر ناوەند و چێوەی کێلەکەدا، بەم شێوەیە:

**ناوەندی کێلەکە:** دابەشکراوە بەسەر چەند جامەیەکی لاکێشەیی ئاسۆیی ڕاست و چەپ کۆتایی هاتوو بە کەوانی بەش بەشی نوك تیژ، وەکو ئاماژەمان پێکرد لە ئێستادا تەنها دوو جامەیان بە تەواوی ماونەتەوە، و هەریەکەیان نووسینیان لەسەر نەخشکراوە بە خەتی نەستەعلیق بە شێوەی دەرپەڕیو، و لە یەکتری جیاکراونەتەوە بە تیرەیەك بە پانی (2.5 سم) (مەیدانی، ٢٠٢٤)، نەخشە نووسینەکانیش بریتین لە:

1/ ..... ... (شکاوە)

2/ المغفور .... واتە: (خودا لێخۆشبوو ...)

3/ الشيخ ابوبكر ابن، واتە: (شێخ ئەبوبەکری کوڕی)


4/ الشيخ عبدالعزيز، واتە: (شێخ عەبدولعەزیز)

5/ ..... ... (شکاوە)

6/ ........ (شکاوە)

**چێوەی پارچەکە:** بە شێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش نەخشی ڕووەکی لە گەڵا و گوڵ و خونچە و لقی تێك ئاڵاو یەك لە دوای یەك نەخشکراون بە ئاڕاستەی بەرزی کێلەکە، نەخشەکان بەدەم یەکەوە دووبارە کراونەتەوە و تەواوی چێوەی کێلەکەیان پڕکردووەتەوە، و نەخشە ڕووەکییەکانی هاوشێوەی کێلی یەکەمی گۆڕی سێیەمن (مەیدانی، 2024). شایەنی باسە ئەم شێوە لە نەخش و نیگاری ڕووەکی لەسەر کێلی گۆڕەکانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ و بابا ناوس لە گوندی سەرگەت بەرچاو دەکەون (مستەفا و حەمە شەریف، 2023، 101-103 ؛ بەرزنجی، 2024، 231-242) (بڕوانە وێنە و هێڵکاری ژمارە ٨).

**وێنە و هێڵکاری ژمارە ٨، (توێژەران)**



**پارچەی سێیەم:**

**وێنە و هێڵکاری ژمارە ٩، (توێژەران)**



**وەسفی کێلەکەو شیکاری هونەری نەخشەکانی:**

| ناسنامەی پارچەی سێیەم | |
|---|---|
| مێژوو | دیار نییە |
| شوێنی کێل | دیار نییە |
| پێوانە | بەرزی: 31 سم |
| | پانی: 33.5 سم |
| | ئەستوری: 5 سم |
| جۆری بەرد | مەڕمەڕ |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی |
| جۆری خەت | نەستەعلیق |
| زمانی نووسین | عەرەبی |
| بابەتی نەخشکراو | ناوی مردوو |
| بارودۆخی کێل | تەنها بەشێك لە ناوەڕاستی کێلەکە ماوەتەوە و ئەوی تری شکاوە و نەماوە. |

بریتییە لە کێلێکی زۆر جوان و ڕازاوەی شێوە میحرابی، بە ئەندازەی دوو جامە لە بەشی خوارەوە شکاوەو نەماوە، ئەوەشی لە ئێستادا ماوەتەوە بریتییە لە چوار جامە، ڕووەکەی ڕازێندراونەتەوە بە نەخش و نیگاری (نووسین، ڕووەکی، ئەندازەیی)، و

| ناسنامەی پارچەی چوارەم | |
|---|---|
| شوێنی کێل | دیار نییە |
| پێوانە | پانی: 18 سم |
| | ئەستوری: 4 سم |
| | بەرزی: 50 سم |
| جۆری بەرد | کلسی |
| جۆری نەخشەکانی | نووسین، ئەندازەیی |
| جۆری خەت | دیار نییە |
| زمانی نووسین | دیار نییە |
| بابەتی نەخشکراو | دیار نییە |
| بارودۆخی کێل | زۆر خراپە، سەرەڕای شکانی بەشی سەرەوەی کێلەکە و نەمانی نوسین و نەخشەکانیش بە هۆکاری ئاووهەوا بە تەواوی سڕاونەوەتەوە. |

نەخشەکان دابەش بوون بەسەر ناوەندی کێلەکە و چێوەکەیدا، بەم شێوەیە:

**ناوەندی کێلەکە:** دابەشکراوە بەسەر چەند جامەیەکی لاکێشەیی ئاسۆیی ڕاست و چەپ کۆتایی هاتوو بە کەوانی بەش بەشی نوك تیژ، وەکو ئاماژەمان پێکرد لە ئێستادا تەنها چوار جامەی بەشی سەرەوەی ماون، هەریەك لەم جامانە نووسینیان تێدا نەخشکراوە بە خەتی نەستەعلیق بە شێوەی دەرپەڕیو، و لە یەکتری جیاکراونەتەوە بە تیرەیەك بە پانی (2.5سم)، نەخشە نووسینی ناو جامەکان بریتین لە:

1/ القضاء لله، واتە: (بڕیار تەنها لای خودایە)

2/ سمین بعبدالرحیم بسیدی وارجو، واتە: (سەمین نەوەی بەڕێز عەبدولڕەحیم داواکارم)

3/ اعناق ذمتی کرمًا مِن النار، واتە: (ڕزگارم بکات و ببەخشێت لە ئاگری دۆزەخ)

4/ تبت من الذنوب بعهد الشباب، واتە: (لە گەنجیدا لە تاوان گەڕاومەتەوە)

5/ ........ (شکاوە)


6/ ........ (شکاوە)

**چێوەی کێلەکە:** بە شێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش نەخشی ڕووەکی لە گەڵا و گوڵ و خونچە و لقی تێك ئاڵاو یەك لە دوای یەك نەخشکراون بە ئاڕاستەی بەرزی کێلەکە، نەخشەکان بەدەم یەکەوە دووبارە کراونەتەوە و تەواوی چێوەی کێلەکەیان ڕازاندووەتەوە، نەخشەکان بریتین لە گوڵی پێنج پەلکی شێوە گوڵی بەیبوون، و لە هەندێکیاندا گەڵای بچوکی بادەمی نەخشکراون، ئەم گوڵانە بە لاسکی باریك بەستراونەتەوە بە جۆرە نەخشێکی ترەوە کە بە هەمان شێوەی گوڵەکە دووبارەکراوەتەوە بریتییە لە گەڵای سێ پەلکی و چوار پەلکی، نەخشەکان تێکڕا بە شێوەی دەرپەڕیو نەخشێنراون و دیمەنێکی جوانیان بەخشیوەتە کێلی گۆڕەکە (مەیدانی، 2024)، نەخشەکان هاوشێوەی کێلی یەکەمی گۆڕی سێیەمن و بە هەمان شێوە ئەم شێوە لە نەخش و نیگاری ڕووەکی لە گۆڕستانەکانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ و گۆڕستانی بابا ناوس لە گوندی سەرگەت بەرچاو دەکەون (مستەفا و حەمە شەریف، 2023، 103-101) (بڕوانە وێنە و هێڵکاری ژمارە ٩).

**پارچەی چوارەم:**


ئەم پارچە بە هۆکاری کاریگەری ئاووهەوا بە تەواوی ڕووەکەی سواوە و شیکار و خوێندنەوە بۆ نووسین و نەخشەکانی ناکرێت، (بڕوانە وێنەو هێڵکاری ژمارە ١٠)

**وێنە و هێڵکاری ژمارە ١٠، (توێژەران)**




جگە لەم چوار پارچەی ئاماژەمان پێکردن، چەند پارچەیەکی بچوکتر لە گۆڕستانەکەدا بەرچاودەکەون، کە بە هۆکاری مرۆیی شکێنراون و لەو ناوەدا کەتوون، بڕوانە وێنە و هێلکارییەکانی ژمارە (١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٤ ، ١٥):

**وێنە و هێلکاری ژمارە ١١، (توێژەران)**



**وێنە و هێلکاری ژمارە ١٢، (توێژەران)**



**وێنە و هێلکاری ژمارە ١٣، (توێژەران)**



**وێنە و هێلکاری ژمارە ١٤، (توێژەران)**



**وێنە و هێلکاری ژمارە ١٥، (توێژەران)**



## ئەنجام

1. گوندی یاڵانپێ یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی ناوچەکەو خاوەنی چەند شوێنەوارێکی گرنگە، لەوانە: دەرەی قەڵاگا، ئەشکەوتی دوو دەرە (دوو دەرگا)، پەڵگا، گۆڕستانەکانی کلکە و هانە گەورە و کەوڵە و شێخ سلێمان و ... هتد.
2. شێخ سلێمان لە گوندی تەڕاتەوەنەوە بە مەبەستی بانگەوازی دینی ڕووی کردووەتە ئەم گوندە، واتە یاڵانپێ ئاوەدان و گەورە بووە بۆیە شێخ سلێمانیش پێی باش بووە کاری بانگەوازی خۆی بهێنێتە ئێرە.
3. شێخ سلێمان وەکو کەسایەتییەکی سوننە مەزهەب بۆ بەرگری لە سوپای دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕێکدا دژی سەفەوییەکان لە شوێنێکی نزیك بەم گوندە بەناوی (چاڵە ڕەش) دەکوژرێت و سەری دەپەڕێنرێت، دواتر بە هەرهۆکارێك بێت لاشەکەی جێ دەمێنێت و سەرەکەی دەهێنرێتەوە گوندەکە و لەم گۆڕستانەدا دەنێژرێت.
4. ئەم گۆڕستانەی شێخ سلێمانی تێدا نێژراوە مێژوویەکی کۆنی هەیە، واتە پێش هاتنی شێخ سلێمان بۆ گوندەکە هەر هەبووە و مردووی تێدا نێژراوە.
5. ئەو گۆڕەی سەری شێخ سلێمانی تێدا نێژراوە لەناو گۆڕستانەکەدا بە دیوارێکی بەردین جیاکراوەتەوە لە گۆڕەکانی تر و لەسەر زاری دانیشتوانی گوندەکەو دەورووبەری ناسراوە بە (سوخنەکە)، هەروەها کێلی گۆڕەکەی لە بەردی ئاسایی ناوچەکەن و بێ نەخش و نیگارن.
6. هۆکاری ناونانی بە گۆڕستانی شێخ سلێمان بۆ ڕێز و پلەو پایەی ئەم شێخە دەگەڕێتەوە لەناو دانیشتوانی گوندەکەدا نەوەك یەکەمین کەس بووبێت تیایدا نێژرابێت.
7. پاڵپشت بە تۆماری مێژوویی سەر ئەو کێلانەی لە ئێستادا لە گۆڕستانەکەدا ماونەتەوە و لە توێژینەوەکەماندا ئاماژەیان پێکراوە، کۆنترین گۆڕیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1208ك/1793ز) و تازەترینیشیان دەگەڕێتەوە بۆ (1262ك/1845ز).
8. سەرجەمی کێلەکان ڕازێندراونەتەوە بە نەخش و نیگاری (ڕووەکی، ئەندازەیی و نووسین)، ئەمەش دەلالەت لە پێگە و کەسایەتی خاوەن گۆڕەکان دەکات.
9. بابەتی نەخشی سەر کێلەکان بە گشتی بریتیین لە: ناو و مێژووی مردنی خاوەن گۆڕەکان، و پاڕانەوە لە خودا بۆیان، تێکەڵ بە نەخش و نیگاری ڕووەکی لەناو یەکەی ئەندازەییدا.
10. نەخشی نووسینی سەر ڕووی کێلەکان بە زمانەکانی عەرەبی و فارسییە و جۆری خەتەکانیش بریتین لە: (ثلث، نەستەعلیق).
11. ئەو کەسایەتییانەی لەم گۆڕستانەدا نێژراون و کێلی نەخشدار بۆ گۆڕەکانیان دروستکراوە بریتین لە: (شێخ عەزیز شێخ نوراللە، شێخ عەبدولڕەحیم کوڕی شێخ ئەبی بەکر کوڕی پیر خزری شاهۆیی، بەی خانم کچی شێخ ئەبی بەکر کوڕی پیر خزری شاهۆیی، شێخ ئەبوبەکر کوڕی شێخ عەبدولعەزیز و سەمین عەبدولڕەحیم).
12. بوونی دەستەواژەی (شێخ) لەپێش ناوەکان دەرخەری ئەوەیە سەرجەمیان لە بنەماڵەی شێخ سلێمان بوون، کە لەم گوندەدا دەسەڵاتدار و حکومڕان بوون.
لێکچوونێکی زۆر هەیە لەجۆری خەت و شێوەی کێل و نەخش و نیگاری سەر کێلەکانی ئەم گۆڕستانەو کێلی گۆڕەکانی مزگەوتی گەورەی خورماڵ و گۆڕستانی بابا ناوس لە گوندی سەرگەت کە هاوسەردەمی یەکن.
13. پێمان وایە ئەم کێلانە لە ناوچەی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروستکراون و هێنراون، چونکە شاری سنە لەو کاتەدا یەکێك بووە لەو شوێنە دیارانەی کێلی نەخشێندراوی گۆڕی تێدا دروستکراوە و لەم ناوچەشەوە نزیك بووە.

## پەراوێزەکان

***گوندی یاڵانپێ:** یەکێکە لە گوندەکانی هەورامانی باشووری کوردستان، سەر بە قەزای خورماڵە و نزیکەی (4.5کم) لێیەوە دوورە، دەکەوێتە دامێنی چیاکانی هەورامان، (٩٧٠م– ٣١٨٠پێ) لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، گوندەکانی هانەی قوڵ لە خۆرهەڵاتەوە، بانی شار لە خۆرئاواوە، زنجیرە چیاکانی هەورامان لە باکوورەوە و شاری خورماڵ لە باشوورەوە دەوریان داوە، لە باکورەوە هاوسنوورە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆتا گوندی هەورامانی بەشی باشووری کوردستانە کە بە شێوەزاری هەورامی بدوێن، سەبارەت بە ناوەکەی (یاڵانپێ) وتراوە: بە واتای بناری چیاکان یان پێدەشتەکان دێت، ئەم لێکدانەوەش لە ڕووی زمانەوانییەوە لە واتا هەورامییەکەیەوە نزیکە، چونکە (یاڵان) بە واتای بەرزاییەکان و (پێ) بە واتای دامێنی بەرزاییەکان دێت، لە هەمانکاتدا وشەی (هێڵانپێ)ش بەکاردێت بۆ گوندەکە، بە واتای هێلانەیەک وایەو لە باوەشی شاخەکاندایە، شایانی باسە ئەم گوندە خاوەنی کۆمەڵێك شوێنەوارە لەوانە: (دەرەی قەڵاگا، دەرەی قەڵاگا، ئەشکەوتی دوو دەرە (دوو دەرگا)، پەڵگا، گۆڕستانەکانی کلکە و هانە گەورە و کەوڵە و شێخ سلێمان و ... هتد)، دەرەی قەڵاگا کە گرنگترین شوێنەواری گوندەکەیە، هاوکات بەڵگەی کۆنی گوندەکەش دەردەخات، چونکە تیایدا دەیان پارچەی شوێنەواری دۆزراونەتەوە، لەوانە: (ئێسك و پروسکی مرۆڤ و خشڵ و سکەی زێڕ و ... هتد) (زەڵمی، 2008، 43 ؛ زەڵمی و موحەمەد، 2021، 61-65 ؛ هەورامی، ٢٠٢٣، ١٢٦٤-١٢٦٥) ؛ یاڵانپێی، ٢٠٢٥، ١٥٢ (https://youtu.be/93LCKtslJu4?si=XCoJkfKohr9L8b8L) ؛ (https://youtu.be/occIBXziJPY?si=eRv7IiG0356CzDZj) (https://youtu.be/P-Mb0F30LOM?si=H5quyclb5KLN-3bh)

• * **شێخ سلێمان:** کوڕی شێخ موحەممەد کوڕی شێخ عەلی کوڕی شێخ موحەممەدی نۆدێیە، لەگەڵ شێخ مەعروفی نۆدێی خاڵۆزاو پورزا یەك بوون، بە ڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە سەر ئیمام موسای کازم، ئەم بنەماڵەیە لە بنەڕەتدا لە گوندی (دۆڵپەموو)ی نزیك بەرزنجەوە چوونەتە گوندی تەڕاتەوەن، و پاش مردنی شێخ موحەممەدی باوکی، شێخ سلێمان بە مەبەستی بانگەواز و خزمەتی دینی ئیسلام هاتووەتە گوندی یاڵانپێ و تیایدا نیشتەجێ بووە، هەر زوو بووەتە کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە، بە باپیرە گەورەی بنەماڵەی شێخەکانی گوندی یاڵانپێ دادەنرێت، لەم گوندەدا بۆ چەند پشتێك شێخایەتیان کردووە، و زۆربەی مردووەکانیان لەم گۆڕستانەدا بەخاك سپاردووە، شێخ سلێمان لە ماوەی ژیانیدا کاروباری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەی لە دەست بووە و خاوەنی زەوی و زار بووە (مودەڕیس، 1389، 258)، حاجی حەمە زەمانی پیاوماقوڵی یاڵانپێ کچێکی خۆی بە ناوی (ماجەمین خان) لێیارە دەکات، پاش ئەوەی لە شەڕێکدا بەرامبەر سەفەوییەکان لە دۆڵی چاڵە ڕەش کە دەکەوێتە سنووری گوندی یاڵانپێ سەری دەپەڕێنرێت و لە کاتی هێنانەوەیدا بە هەرهۆکارێك بێت لاشەکەی جێ دەهێڵرێت و سەرەکەی بە تەنها دەهێنرێتەوە بۆ گۆڕستانی تایبەتی یاڵانپێ و تێیدا دەنێژرێت و دواتر

گۆڕستانەکەی بەناوەوە دەنرێت، پاشان کوڕەکەی بەناوی (شێخ کەریم) چووە بەرەو شاری (سەڵواوا) لە خۆرهەڵاتی کوردستان و نیشتەجێ دەبێت، کوڕێکی هەبووە بەناوی (شێخ عبدالجلیل) لە سەڵواوا تەکیەیەك دەکاتەوە و لەسەر ڕێچکەی باب و باپیرانی خەریك دەبێت بە بانگەوازی دینی ئیسلام. (چاوپێکەوتن: حەبیب سۆفی ئەمین، یەکشەممە ٠٥:٠٠ ی پاش عەسری 2024/9/1 ؛ چاوپێکەوتن: موحەممەد غەفار، پێنج شەممە 10:30ی پێش نیوەڕۆی 2025/4/3).

*** کێلی شێوە میحرابی:** دوو شێوە میحرابی لە کێلەکاندا هەبووە: یەکەم خودی بەردەکە لەسەر شێوەی میحرابی مزگەوتەکان بووە وەکو ئەم کێلانەی گۆڕستانی شێخ سلێمان، دووەم لەسەر کێلەکە وێنەی میحرابێك نەخشکراوە، لە شارستانییەتی ئیسلامیدا کێلی شێوە میحرابی بە شێوەی ستوونی زۆرترین نموونەی هەیە، کێلەکان دوو ڕوون و تەنها لەسەر ڕووە سەرەکییەکەیان کە ڕووی ناوەوەیەتی نەخشی لەسەرە، هەرچەندە هەندێك نموونەش بەرچاو دەکەون کە لەسەر هەردوو ڕووەکەیان نەخش دروستکرابن بەڵام کەمن (جەواد، ٢٠٢٣، ١٥-١٦)

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێب:


ئیدریسیان، غوڵامعەلی. (2019). مێژووی لەمێژینەی کورد و کوردستان، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: عەدنان بەرزنجی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

بێدار، جمال حبیب الله. (٢٠١٠). فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی - کوردی ناوەڕاست، هەولێر، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی ژمارە 78.

زەڵمی، ئیبراهیم حاجی. (٢٠٠٨). خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجیە، بەرگی یەکەم.

زەڵمی، ئەمین حاجی، موحەمەد، ئاراس ڕەفیق. (٢٠٢١). هەورامان ناسنامەی کولتووری گوندەکانی، بەرگی یەکەم، ناوچەی شەمیان، چاپخانەی سیما، چاپی یەکەم.

کەریم، ڕزگار. (2010). فەرهەنگی دەریا، (عەرەبی – کوردی)، تهران، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی مەهارەت.

مستەفا، مەهدی جەلال، حەمە شەریف، جەزا شۆڕش. (2023). نەخشی کێلە کەلەپورییەکانی گۆڕستانی بابا ناواز (ناوس) لە گوندی سەرگەت، توێژینەوەیەکی مەیدانی شیکاری، شوێنەوار و کەلەپور میرات و ناسنامەی گەلەکەمانن، توێژینەوەکانی یەکەم دیداری زانستی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، زاموا، دڵشاد عەزیز، سدیق، شاخەوان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. (١٣٨٩). بنەماڵەی زانیاران، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، تاران.

هەورامی، هدایت -مەلا زادە-. (٢٠٢٣). هەورامان و گوندەکانی هەورامان، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم.

یالانپیی، ڕەزوان. (٢٠٢٥). یالانپێ لەنێو دڵی سروشت و هەمبانەی مێژوو و ڕازی فەرهەنگدا، سلێمانی، چاپی یەکەم.


### نامەی ئەکادیمی:


بەرزنجی، مهدی جلال مصطفی. (2024ز). "هونەری نەخش و نووسینی سەر بەرد لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووك و ڕووباری سیروان لە سەدەی (12-14ك/ 18-20ز) نموونەی هەڵبژێردراو-توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانیە"، نامەیەکی دکتۆرای بڵاونەکراوەیە، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین.

مەجید، ڕزگار جەواد. (2023ز). "شوێنەوارەکانی ناوچەی سەنگاو و گۆڕەکانی گوندی جامرێز – وەک نموونە (توێژینەوەیەکی هونەری و مەیدانی و بەراوردکاریە)"، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە، سلێمانی، زانکۆی سلێمانی.


### چاوپێکەوتنەکان:

حەبیب سۆفی ئەمین حاجی حەمەزەمان، لە دایك بووی 1970، مامۆستای ئاینی، کات و بەرواری چاوپێکەوتن: یەکشەممە ٠٥:٠٠ ی پاش عەسری 2024/9/1.

عوسمان حەمە ڕۆستەم، لە دایك بووی ١٩٥٤، پیاوماقوڵی گوندی یالانپێ، کات و بەرواری چاوپێکەوتن: هەینی ٠٨:٠٠ ی شەوی ٢٠٢٤/١٠/١٨.

موحەممەد غەفار حەمەزەمان، لە دایك بووی 1969، مامۆستای قوتابخانە، کات و بەرواری چاوپێکەوتن: پێنج شەممە 10:30 ی پێش نیوەڕۆی 2025/4/3.

### سەردانی مەیدانی:

هەینی 2024/3/1، کات: 3:30 پێش عەسر.

دووشەممە 2024/6/17، کات: 6:30 پێش ئێوارە.

### پێگەی ئەلیکترۆنی:

بەرنامەی شوێنەوار- گوندی یالانپێ – کەناڵی (Sterk TV) ، بەرواری سەردانی بەستەر 6-2023-7

https://youtu.be/P-Mb0F30LOM?si=H5quyclb5KLN-3bh

گوندی یالانپێ Gundi Yalanpe کەناڵی (ARYEN TV)، بەرواری سەردانی بەستەر ٢٠٢٤/١٢/١٠.

https://youtu.be/93LCKtslJu4?si=XCoJkfKohr9L8b8L

گوندی یالانپێ – هەورامان نیوز، بەرواری سەردانی بەستەر ٢٠٢٤/١٢/١٠.

https://youtu.be/occIBXziJPY?si=eRv7IiG0356CzDZj

بابەتێکی بەڕێز (سامان نامیق) لەسەر گۆڕستانی شێخ سلێمان و کێلە نەخشێنراوەکانی، بەرواری سەردانی بەستەر ٢٠٢٥/٤/٧.

https://www.facebook.com/share/p/18U7KPZAS3/?mibextid=qi2Omg &mibextid=qi2Omg

. https://earth.google.com/web